# دەربەندیخان

یاسین بانیخێلانی

ئەی ئەو شارەی لە کچێك ئەچی

ڕاکشا بیٚ و

هەردوو مەمکی قوتی (زەردە) و (زمناکۆ) *١ی

ڕەق وەستا بیٚ

ئەی شارە چاوشین و پرچ تەڕەکەم

شاری کوڕان و کچانی شەرمن

شاری خەونی کوژراوو

عەشقی بنمیچی خانوو

کۆلانە داخراوەکان

شاری پیاسەی ئێوارانی

ناو تەلانی توترکەکان و

شەقامە پیٚچاو پیٚچەکانی

(کەمپی خوار) *٢

شاری حیکایەت و نوکتەی

ژێر گلۆپە زەردەکانی

شەوان و

وڕێنە خۆشەکانی (خولە شێت) *٣

شاری کوفرەکانی (خولە کوێر) *٤ لە مزگەوتا

ئەفسانەکانی (تونی بابا) *٥

شاری شین و زاری ڕۆژانی هەینی

سەر قەبران و

مەستی و شادی ئێوارانی

سەر سیروان

پیٚم بلێ:

کۆچ بەرەو کویٚ؟

من لە مەنفاوە

خەونەکانم بۆ لای

چاوە شینەکانی سیروان، پرچی زەردی زەردە، سنگی نەرم و شلی تونی بابا، هەناسەی ساردی (سەرتەك) ٦، بالای بەرزی زمناکۆ و ڕوخسارە لێڵەکەی (دێوانە) ٧ بالٚ ئەگرن.

من هێشتا لە عەشقی

کولٚمی سوری دارهەنارەکانی بانیخێلان، خەونە سپییەکانی (خولە شێت) ، دارسنەوبەرە قژ ڕوتاوەکانی (خانان) ٨ و بیٚهودەییەکەی (خولە کوێر) دا ئەژیم.

ئەی شارەکەم کۆچ بەرەو کویٚ؟

لێرە بۆنی ئێوارانی

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

شەقامە پێچاو پێچەکانی نیوکەمپ نایە

ڕووبارەکانی ئێرە

وەك خەونی چەمی دێوانە لێڵن

لێرە مرۆڤەکان

وەك داربەڕووەکەی ئەوبەر سیروان تاق و تەنیان

پیاسەی شەوانەیش

تەنها بەناو ڕۆحدایە

ئەی شارەکەم بیرت ئەکەم

لەوە زیاتر لێرەدا

بە چەند دێڕێك

یادت بکەم

8. 1. 2003 Heidelberg

**پەراوێزەکان**

*١ زمناکۆو زەردە دوو شاخی بەرزن دەکەونە ڕۆژهەلاّت و ڕۆژ ئاوای شاری دەربەندیخان.

*٢ دەربەندیخان دوو بەشە، بە بەشی خوارەوەی دەلێن: کەمپی خوار.

*٣ خولە شێتێکی خۆشەویستی ئەو شارەیە.

*٤ کوێرێك بوو لە مزگەوتی کانی توودا، بەردەوام کفری دەکرد و جنێوی دەدا.

*٥ مەبەست تونی بابا عەمرەیە، کە دەکەوێتە باشوری شاری دەربەندبخان.

*٦ سەرتەك هاوینە هەوارێکە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاّتی دەربەندیخان.

*٧ دێوانە چەمێکی هەمیشە لێلە لەخوار شاری دەربەندیخانەوەیەو دەڕژێتە ناو سیروان.

*٨ خانان دارستانێکە لەسەردەمی بەعسدا کرایە گۆڕستان بەناوی گۆڕستانی شەهیدان.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت